بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

دوای ئەوەی هەموومان بەشی یەکەمی بیرەوەریەکانمان خوێندەوە کە سەربردەی تەمەنی هەرزەیی دەگێڕایەوە، ئێستاش بەشی دووەم دەست پێدەکات، فەرموون با بەیەکەوە درێژە بە خوێندنەوەی بیرەوەریەکان بدەین و سوودی لێوەربگرین

بەشی دووەم -1-

بەهاری (1943) بەرگی سوپای عێراق لەبەر دەکەم

لە چەپەوە بۆ راست : عەلی گەلاوێژ، رەحیمی قازی، عەبدوڵڵا رەزم ئاور، قادری مەحمود زادە، رەعنا مەحمود زادە" خێزانی قادر"، هەژار، حەمید محەمەدزادە" نووسەری ئازەربایجانی 1959

بەرگی سەربازیان پێداین، بەڵام ئەو بەرگەی پێیاندام بۆمن گەورە بوو، لە دوای وەرگرتنی کەلوپەلی سەربازی بۆ یەکێک لە هۆڵە گەورەکانی نهۆمی دووەم بردیانین ، زۆری پێنەچوو یەکێک لە نائب عەریفەکانی مەرکەز تەدریب هات فێری کردین چۆن لەفافەکان دەبەسترێن و بەرگ چۆن لەبەر دەکرێن،پاشان دەربارەی رەوشتی سەرەتایی سەربازی دواو کەمێک لەرێ و رەسمی سەربازی باسی بۆ کردین، لەوکاتەوە کەوتمە ژێر فەرمانی سەربازیەوە، سێ مانگ لە حامیەی رواندز لە مەرکەز تەدریب مەشقی سووپاییان پێکردم، لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا لە زۆر کاروبار شارەزا بووم، کۆمەڵێک ناسیاوم پەیدا کردن، زۆریشم لەوانەی کورد ناسینەوە، ئەوانەی رۆژانی هەینی دەهاتنە ناو باخچەکانی ئێمە لە جنێراوە.

لە ساڵی (1941) هەندێ لە سەربازەکانی بەشی ئەندازەیی هاتنە بەرزێوە بۆ سەردانی سەربازەکان، دوو ئەفسەری کوردیان لەگەڵ بوو ملازم فەتاح شاڵی سلێمانی بوو، ئەوەی تریان ملازم عەلی عەزیز ئامێدی بوو، ناوە ناوە ئەفسەرە کورد پەروەرەکانی سەربازگەی رواندز دەهاتنە بەرزێوە لەوێش دەهاتنە ناو باخچەکانی ئێمە لە جنێراوە، ئەوانەی لە یادم بوون جەلال ئەمین، سلێمانی بوو، جەلال باڵتە ئامێدی بوو، نوری مەلا حەکیم، سلێمانی، رەفیق تۆفیق، کۆیی، عەبدولڕەحمان قازی، ئامێدی، بەکر سامی شەقڵاوەیی،م دەناسی، ئەمانە بەناوی سەیران لە بەرزێوە بەیەک دەگەیشتن، بۆ مەرامی خۆیان دەهاتنە بەرزێوە.

لە مەرکەز تەدریب دەست کرا بە مەشقی سەربازی هەر چەند سەربازێک درانە دەستی نائب عەریفێک بۆ فێرکردن، نائب عەریفەکان بەشی زۆریان سلێمانی و کەرکوکی بوون، عەریفی بەرێوەبەری مەرکەزی تەدریب ناوی (فقێ) بوو، مرۆڤێکی ماندوو لەسەرخۆ بوو خەڵکی چەمچەماڵ بوو، سەربازەکان لێی رازی بوون . لەماوەی ئەو سێ مانگەی لە مەرکەز تەدریب بووم، بە زۆری رۆژانی هەینی دەرۆیشتمە ماڵی خاڵەکانم لە (فقیان)، ئەگەرچی ماڵی خۆمان زۆر نزیک تربوو، دەمتوانی برۆمەوە ماڵ، هەندێ رۆژانی هەینی دەکرام بە نۆبەت داری قاوش یان دەرگایەکانی سەربازگە، رۆژێک کرام بە نۆبەتداری دەرگەی روو لە جوندیان، ئەو نۆبەتدارەی لەو دەرگەیە دەوەستا بێ چەک نۆبەتی دەگرت، تەنیا نێزەیەکی هەڵدەگرت، ئەو رۆژەی من نۆبەت دار بووم رۆژی هەینی بوو، کات ژمێر دەی بەیانی یەکێک لە نائب عەریفەکان (جلیل) دەهات لە دەرگەیەکە برواتە دەرەوە بۆ ئاو دەست، بەڵام بەشێوەیەک قاپوتی داناوەتە سەرسەری بە دەرپێ کورت و پێڵاوی سوپایی پانی شکاندۆتەوەو هات و تێپەر بوو، منیش لە سەر تەنەکەیەک دانیشتبووم ئەوەندەم زانی (جلیل) گەرایەوە بە روو گرژی گوتی (گوم ولک) منیش گوێم پێ نەدا، لێم نزیک کەوتەوەو گوتی: (سەگ باوک بۆ هەڵناستی و رێزی ئامر حەزیرەکەت ناگری؟، دەستی بەرز کردەوەو ویستی لێم بدات، بەڵام من دەست پێشخەریم کردو قونکە نێزەیەکم داوەشاندە سەری، سەریشی کەچەڵ بوو، خوێنی پێدا هاتە خوارو دەستی بەسەریەوە گرت و گوتی: (سەگباب خۆ منت کوشت!)

بپێم گوت :(جارێکی تر بڵێیت سەگباب نێزەیەکت لێدەدەم و تەواوت دەکەم، خۆت سەگبابی) لە دوای ئەم مشتوومڕە (جەلیل)یان بردە نەخۆشخانەومنیشیان بردە بەندیخانە، بەڵام پێش ئەوەی بمبەن بۆ بەندیخانە منیان بۆ لای ئەفسەری نۆبەتدار برد کە ناوی (ملازم زەنون) بوو، عەرەب بوو، پرسی: (روداوەکە چۆنەو چۆن رویداوە؟) منیش راستگۆیانە بۆم گێڕایەوە. ئەو شەوە لە بەندیخانە مامەوەو بەیانی ئەو ئەفسەرانەی ماڵیان لە رواندز بوو بە سواری وڵاخ دەهاتن لە بەر دەرگەی گەورەی سەربازگە دادەبەزین، کاتێک یاریدەدەری ئامیر (بەکر سامی) دابەزی و چاوی بەمن کەوت، لە دەرگەی بەندیخانە راوەستاو پرسی: (بۆچی بەندکراوی؟) منیش ووتم: (توشی شەرێک بووم).

(بەکر سامی) بە سەرۆکی نۆبەتدارەکانی گوت: (لە دوای دەرکەوتنی فەوج بۆ مەشق، ئەوەو ئەوەی شەڕی لەگەڵ کردووە بیانهێنن بۆ لای ئامیر)، خۆی رۆیشت، کاتێک رەئیس عورەفای وەحدەی فەوج (غەفورئاغا کۆیی)بوو، هاتە بەردەرگەی بەندیخانەو منیان بردەدەر، دیتم (جەلیل) وەستاوەو واتدەزانی مەلایەو مەندیلی بەستوە ئەوەندە لەفافیان لە سەری پێچابوو، هەر ئەوکاتە بردیانین بۆ بەر دەرگەی ئامیر، لەوێ کەمێک وەستاین، ئینجا رۆیشتینە ژوورەوە، رەئیس بەکر خۆی لە جێگەی ئامر دانیشتبوو، لە پێشان لە (جەلیل)ی پرسی. ئەو منی تۆمەتبار کردو وای پێشان دا کە من شەڕم پێفرۆشتوەو بەنا هەق سەرم شکاندوە، کاتێک نۆرەی من هات، راستی رووداوەکەم بۆم باس کرد، رەئیس بەکر تووڕە بوو، گوتی: (ئەوەیە رەوشتی نائب عەریفی مەرکەز تەدریب، پێویستە تۆ بەند بکرێی نەک زرار، تۆ شەڕت پێفرۆشتوە، جارێکی تر بەو شێوەیە بدیترێیت دەزانم چیت لێ دەکەم). بە منیشی گوت: (برۆ دەست وەشێن مەبە، ئێرە عەسکریە ،دەرگەڵە نییە بە ئارەزوی خۆت دەست بوەشێنیت). لەوێ دەرکەوتین، هەریەکەمان بۆ شوێنی خۆمان رۆیشتین، بەربوونی من دەنگی دایەوە چونکە وایان دەزانی چەند مانگ زیندانی دەکرێم. لە دوای ئەم رووداوە زۆری نەخایاند دابەشی سەر فەوج کراین، من کەوتمە سریەی دوو، لەوێش کەوتمە ژێر فرمانی عەریفێکی ناپەسند کە ناوی (مهدی) بوو، بەڵام باش بوو ئەوەندە لای ئەو نەمامەوە بە فەرمانی (بەکر سامی) کرام بە ئینزیباتی نادی لە رواندز، نادی سوپایی لەناو خانووی ئەمین رواندزی دا بوو، لەو ماوەیەی ئینزیبات بووم بە زۆری لەگەڵ سەربازەکانی (فەقیان) لەوانە (عەوڵا رەش و خدر و قادری) خاڵم دەرۆیشتمە فەقیان، لە پایزی هەمان ساڵدا بریار درا بۆ مێرگە سۆر رۆیشتین.

لە پایزی (1943) بەرەو مێرگەسۆر دەڕۆیین

بە گوێرەی بڕیار بەیانیەک لە رواندز دەرکەوتین بەرەو میرگەسۆر رۆیشتین، کاتێک گەیشتینە ئەوێ لەخوار قشڵەی پۆلیسەکان لە گۆڕاییەک چادر هەڵدران، فەوج جێنیش بوو، لە چوار دەوری سوپا سەنگەر داندران، چەند رۆژێک هیچ نەبوو. رۆژێک کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لەگەڵ سەربازێکی عەرەب رۆیشتینە سەرکانیاوەکەی خوار قشڵە، فەنتازیکمان بە دەستەوە بوو، پڕ لە ئاو دەگەڕاینەوە، بوو بە تەقە، لە چەند لایەکەوە سوپا وەبەر دەست رێژی درا، گوللەیەک بە فەنتازەکە کەوت و ئاوی لێ هاتە خوارەوە، هەر ئەوەندەمان بۆ کرا خۆمان دایە پەنایەک، لە دوای وەستانی تەقە فەنتازە لێدراوەکەشمان بردەوەو دیتیان چۆن لێی دراوەو کون بوە.

لەو کاتەوە بەشی زۆری شەوەکان دەبوو بە تەقە،(بارزانی)یە چەکدارەکان لە سەنگەرەکان نزیک دەکەوتنەوەو تەقەیان دەکرد، بەیانیەک بەشێک لە سەربازەکانی فەوج لەسەربازگە بەرەو گوندی (لەشکریان) بەرێ کەوتن، ئەو گوندە لەبەرامبەر مێرگەسۆر هەڵکەوتووە، لەو کاتەدا هێرش بەرەکان سەرکەوتن، کاتێک لێیان درا هەر ئەوەندەیان بۆ کرا بەرەوژێر بگەڕێینەوە ناو سەربازگەکە، کۆمەڵێک سەربازی کوژراوو بریندارییان هەبوون. لە دوای چەند رۆژێک، ئێوارەیەک دوای نیوەرۆ لە گوندەکانی خوار مێرگەسۆر چەند چەکدارێکی بارزانی بەرچاوکەوتن، ئامیر فەوج عەقید عوسمان فەرمانی دایە عەبدولڕەحمان قازی) گوندەکان تۆپ باران بکرێن، ئەویش لە سەر داوای ئامیر بێ ئەوەی نشان بگرێ، هەروا چەند گوللە تۆپێکی بەرەو گوندەکان هاویشت. لە دوای هاویشتنی تۆپەکان ئەفسەرە کوردەکان لەبەر دەرگەی چادری عەبدولڕەحمان قازی دانیشتبوون، نوری ملا کیم گوتی: (توخوا ئامیرەکەمان کەر نیە؟) وا دەزانی بارزانیەکان لەوێ بەستراونەتەوە تا تۆپی عەبدولڕەحمانیان پێ بکەوێت. عەبدولڕەحمان وەڵامی دایەوەو گوتی: (بۆ بە نیازە تۆپی بۆ باوێمە ئەو شوێنەی مرۆڤی لێبن، وا دەزانێ ئەوانی بۆ دەکوژم!).

لە ماڵی حەمەد ئاغای مێرگە سۆری دەدرێ

وا هەست دەکرا ئەفسەرە کوردەکانی فەوج بەو نیازە بوون حەمەد ئاغای مێرگەسۆری دڵشکاو بکەن و پاڵی بدەن بڕواتە دەرەوەو بگەتە ریزی چەکدارەکانی بارزانی، بێگومان بەدوای هەلێکدا دەگەڕان تا بۆی ساز بکەن، بە رێکەوت رۆژێک کاروانێکی ئۆتۆمۆبیلەکانی سوپا لە رواندز بەرەو مێرگەسۆر دەهاتن، لە دۆڵاییەکەی خوار مێرگەسۆر رێگەیان لێگرتن، شەڕێکی دژوار رووید، داوا کرا یارمەتیان بۆ بچێت، فەرمان درا سریەی ئێمە بچێ، پێش ئەوەی برۆین فەیلیک لە سریەی یەک رۆیشتبوو، ئێمە لە سەربازگەکە دەرکەوتین بەرەو شوێنی شەڕەکە دەرۆیشتین، گەیشتینە پشتی کۆشکی حەمەد ئاغا تەقە لەئێمە کراو هەندێ لە سەربازەکان بریندار کران، سەربازەکان لە دەوری ماڵی حەمەد ئاغا پەرت و بڵاو بوونەوە، ئەفسەرەکان هەڵیان بۆ هەڵکەوت تا دڵی حەمەد ئاغا بشکێنن و بەرەو لای بارزانیەکان پاڵی پێوەبنێن. هەر ئەو دەمە ملازم نوری حەکیم فەرمانی دا تەقە لەکۆشکی حەمەد ئاغا بکرێت، سەربازەکان رووی چەکەکانیان لە ماڵی حەمەد ئاغا کرد، لە گشت لایەکەوە تەقە لە کۆشک دەکرا، لە گەرمەی شێلکی گوللە بارانی تفەنگ و مەترەلۆزدا ئافرەتێک خۆی گەیاندبووە سەربانی کۆشکەکە و ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە بوو رای دەوەشاندو هاواری دەکرد، لەوکاتەش فەسیلی ئێمە گەیشتبوونە بن دیواری کۆشک و فەرمان درا تەقە بوەستێ، ملازم نوری گەیشتە لامان، دەرگەی کۆشک کراوەو ئێمە چەند سەربازێک بە سەرکەوتین و دیمان حەمەدئاغا لەگەڵ چەند کەسی دیکە دانیشتبوون، وای دەزانی هیچ نەبووە لەو دەمەش ملازم نوری بەسەرکەوت و ئەوەندەی بەنوری گوت: (ئافەرین نوری رێزتان لێنام با وابێت).

نوری بە حەمەد ئاغای گوت: (بفەرموو برۆ لای رەئیس شێخ مەعروف، ئەو لە جێگەی ئامیرە). لەوێ دەرکەوتین و بەرەو شوێنی شەڕ رۆیشتین، لە گۆڕستانەکەی خوار مێرگەسۆر گەیشتینە هەندێ سەرباز کە دەگەڕانەوە، ئەفسەرێکی برینداریان پێبوو، ناوی ملازم حامد کۆیی)بوو، برینەکەی ئەوەندە نەبوو بەخۆی دەڕۆیشت، لەوکاتەشدا قافڵەیەکیش هات دیار بوو لۆرییەکی پڕ لە گەنم لە پێچەکان سوتێندرا بوو، لە دوای بەسەرکەوتنی قافلەکەو وەستانی تەقە ئێمەش گەڕاینەوە سەربازگەکە. دەمەوێ بڵێم لەم تەنگوچەڵەمەیەدا زۆری نەمابوو بکوژرێم، یەکەم جاریش بوو توشی شەڕ هاتم لە نزیک ماڵی حەمەد ئاغا و چەند جارێک شوێنی خۆم گۆڕی لە بەر ئەو گوللانەی بۆم دەهاتن. ئەوەی لەیاد ناکرێت ئەوەیە نائب عەریفێکمان هەبوو بە ناوی عۆدە، تەمەنی لە پەنجا بە سەرەوە دەبوو، کاتێک دەبوو بە تەقە، ئەو مرۆڤە ئەوەندە دەترسا هەموو لەشی دەلەرزی‌و خۆی پێڕانەدەگیرا، زۆر جار دەیپرسی:(راستە ئەو کوردە شەڕکەرانە چەکێکیان پییە هەر کە بە مرۆڤ بکەوێت ئاگری تێبەر دەداو دەسوتێت!!؟).

دەروونا دونیا

شکستی دبلۆماسی کورد لە ئەستۆی کێ دایە؟!

هونەری سەرکەوتنی هەر سیاسەتێک پەیوەندی راستەوخۆی بە توانای دبلۆماسی یەکانی سیاسەت مەدار و کەسانی دەم سپی ئەو سیاسەتەوە هەیە، تەنها هێزێکش کە کۆڵ بە دیبۆمات و قسەزانان دەدات هێزە دەمارگیر و سەررەقەکانە،بە تایبەتی ئەوانەب هیچ نرخێک بۆ داسا وعورف و عادەتەکان دانانێت رێز لە بەرامبەرەکانیان ناگرن وگوێ رایەڵشیان نابن ...بە درێژای مێژووی نوێ ی کورد نەیتوانیوە ئەو دیوارە سەختەی دوژمنان و ناحەزانیانی خۆیان ببڕن و کۆڵ بە بەرامبەرەکەی بدات ملکەچی ماف وداخوازیەکانی خۆی بکات،چونکە هەمیشە زمانی هێزی یەکگرتووی ئەوان زاڵتر بووە بەسەر زمانی ناکۆک و نا تەبای کوردەوە،زۆر جاریش بە کوردیان وتوە برون جارێ خۆتان چاک بکەن و ماڵی خۆتان رێک بخەن ئینجا وەرن گفتوفۆتان لەگەڵ دەکەین ،هەندێ جار دیکەش بە جیاجیا قسەیان لەگەڵدا کردون و ئاگری ناکۆکی ودوبەرەکیان لە نێوانیاندا خۆش کردوە. ئەگەر دەسەڵاتدار و سەرکردایەتی سیاسی بیتوانی بایە یەک هێزی یەکگرتوو کە پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەی کورد بکات دروست کا و دوور لە پەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد هەڵبێنین ،هیچ گومانی تێدا نە ئەبوو کە هەرکەسێکی بناردبایە بۆ راوێژ و گفتوگۆ بەرەو پیری دەچوون و بە رێزەوە گویان لێ دەگیرا... بەداخەوە دوای دەیان ساڵ پڕ لەئەزمونی شۆرش و خەبات،دوای دەیان هەوڵ و رێنمای کردنی کورد لەلایەن دۆستانەوە، دوای چەندین تاڵاوی چەندەها شەرو ململانێ ی ناوخۆی و شکست وە ،دوای سەرکەوتنی راپەرینی مەزنەکەی خەڵکی کوردستان ،هێشتا کورد ناتوانێ و نازانێ بەیەک زمان و بەیەک بەرنامەوە بچێتە مەیدانی گفتوگۆکانەوە ..ئەم هێز کۆکردنەوەی تورکیا لەسەر سنوری کوردستانی باشور بە بیانوی راونانی پ.ک.ک و گرتنی بارەگاو کەسایەتی یە ناوداەکانیانەوە ،شەرێکە و بە ئازادیەکانی خەڵکی ئەم دەڤەرە دەفرۆشرێن و دەویان هەوێ لە پاڵ ئەوەوە کۆمەڵێ ناوچەی کوردستان چۆڵ بکەن و بنکە و بارەگای سەربازی(ناتۆ)ی تیا جێگیر بکەن و دەیان ملیۆن کورد بکەن بە قوربانی ململانێ ی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ،.کەچی تائیستا بە شێوەیەکی فەرمی کەس نەیویراوە بڵێ کە(پ.ک.ک.)تیرۆرست نییە ئەوانیش کوری ئەم میللەتەن و مافی خۆیانە شۆڕشیان بەرپا کردوە ،نەک هەر ئەوە بۆچونە جیاوازەکانی نێوان خودی کورد لە ناردنی شاندی کوردیشدا رەنگی دابووەوە کە هەر حیزبەو نوێنەری خۆی ناردبو بۆ گفتوفۆ لەگەڵ تورکیا بۆیە گوێ یان لێ نەگرتبون و نەیان هێلابوو بچنە کۆبونەوەکەوە رەسمیەکانەوە ئەو پێشوازی نەکردنە بۆ خۆی شکانی دبلۆماتی کوردی یە هۆیەکانیشی هەر ناتەبای وناریکی کورد خۆیەتی. بۆیە چەند زوتر پەلەبکرێ لە یەک ریزی و یەک زمانی کورد، چەندێ،چەندێ مەرامەکانی کورد بە نهێنی و ئاشکرا یەک بخرێ و قسەو کردەوە یەک بێت ئەوەندە زیاتر لە بەرژەوەندی نەتەوە و ئاشایشی نەتەوەیدایە و ئەو کات داگیر کاران خۆیان ناچار دەبن کە قسەیان لەگەڵ بکەین ، نەک وەک ئیستا حیسابمان بۆ نەکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com